کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

ناوەبە ندی ئەکاتی ورووپا29-8-2007 23:00

## پیاوانی زەمەنی جەهل و دوعاکانی وڵاتی من ... گەرمیان حەمەخان

garmyan86@gmail. com

ئەگەر هەریەك لە ئێمە دیمەنەکانی کوشتنی دوعای لەسەر شاشەی مۆبایل و هەندی کەناڵی تەلە فزیۆنی حزبە ئیسلامییەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت نەدیبێت، ئەوە بێ گومان چۆنیەتی و شێوازی ئەو وەحشیگەرییەی بیستووە کە دوعای عاشقی پی کوژرا، ئەو دیمەنەی کە بۆ یەکەم جار بینرا بەو شێوە مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ دڕندە بێت، و بەسەدان بە سەدان کەس ئامادەی بەردباران کردنی ئافرەتێك بن، وە بۆیەکەم جار بوو کە کوشتنی ژن بەو شێوەیە ببینرێت کە سەرتاسەری جیهان بهە ژێنێت، بەجۆرێك باس لە دڕندەیی و قێزەونی ئەو کارە دەکرا کە من بۆخۆم بڕوام وابوو بۆ هەتا هەتایە جارێکی تر هەڵەی لەو جۆرە دووبارە نابێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی بۆ چونەکەی من و بەشێوەیە کی سەیر، دیمەنەکانی کوشتنی دوعا بووبە هەوێن و فاکتەری چاولێکەری دووبارە کردنەوەی دیارەکە. هێشتا جەستەی دوعا خوێنی لی دەچۆڕا کە لە بەریتانیاو لە فۆرمێکی تردا "بەناز



محمود"بووبە قوربانی و بە چەقۆ ژەهراویەکەی باوکی و کەسە نزیکەکانی باجی ئەو ( (تاوانە) ) ی کە دەیویست تەنها بۆ هابەشی ژیانی هەتایی خۆی بڕیار بدات و ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسە پێك بهێنێت کە خۆی هەڵی ئەبژێرێت.

ئەمەش ڕەگەزێکی سەرەکی و یارمەتی دەرێکی تر بوو بۆ ناساندنی کورد وەکو میللەتێکی ژن کوژ.

هەرلەوکاتەدابوو کە گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بەشی هەرە زۆریان بە هەواڵ و ڕاپۆرت و وتاری تایبەت بەودیاردە وەحشیگەرییەی سەرەوە داپۆشرابوو، دیسان هەواڵێکی تازەتر بلاوکرایەوە "دوعایەکی تر لە ڕانیە بەبەرد شەهیدکرا".

ئاخرلەکاتی کوشتنی دوعا بەوشێوە دڕندەیە ئێزیدیەکان"کەمن بۆخۆم هیچ کات لەگەڵ ئەوەنەبووم و نابم"کران بە پەندی زەمان و چەندینیان هەر بەهۆی کوشتنی دوعاوە کوژران و وەکو دڕندە سەیریان دە کرا، ئەوانیش بەشێوەیەك لەوکارەی خۆیان پەشیمان بوون کە بوو بوونە جێگای بەزەیی، بۆیە هیچ کە س لەو بڕوادا نەبوو جارێکی ترهیچ کەسێك وەکو ئێزیدیەکان بەکوشتنی ژنێك لەسەر شەرەف خۆی بکات بەپەندی زەمان و ئەو وەحشیەتە دووبارە بکاتەوە.

بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەوە کە دیمەنەکانی کوشتنی دوعا بوون بە هۆی تەقلیدو چاولێکەری خە ڵکانێکی تری دواکەوتوو، دووبارە کردنەوەی کوشتن بەبەرد لەڕانیە چاو بڕین بوو لەو دیمەنەی کەدە یان کەس دوعایان پی بەردباران کرد.

ئەویان لە هەموویان زیاتر کاریگەری لەسەرم هەبوو تراژیدیای شەهیدکردنی سارای تەمەن 11ساڵ بوو بە بلۆك لە هەمووی دڕندانە تر سوتانی تەرمەکەی بوو دوای شەهید کردن.

ئاخر ئەگەر دوعاو نازدارو دەیانی تر لەژێر ناوی شەرەف و پاراستنی ناموسدا کوژرابن، ئەی سارایەکی منداڵی پەپولە ئاسا لەپای چی، ئەوهێشتا لەگەڵ هاوڕێکانی ماڵە باجێنەی دەکردو لەوە زیاتری نەدە زانی بۆیە ئەستەمە بڵێین ئەو لەسەر شەرەف شەهیدکرا؟ بەڵام تۆ بڵێی ئەمە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئەو جەهالەتەی کە شوورەیی بوو خەڵکی کچیان هەبێت و دەبوو کچەکانیان سارا ئاسا بسوتێنرابان یاخود زیندە بەچاڵ بکرابان؟

.ڕپرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوەکرێنە کوردستان نێت دا بڵاودەی لەو نووسینانەئە